www.kurdistannet.org
6-2-2006 18:51بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئاوڕدانەوەیەک لە یاری زانە دێرینەکان ... ئەنوەر خەراجیانی

دیداری ئەم جارەمان لەگەڵ یەکێك لە یاری زانە دێرینەکانی شاری هەڵمەتوو قوربانی (سلێمانی) بەسەرکردنەوەی ئەم جارەمان بریتیە لە یاری زانی هێڵی ناوەڕاستی بە توانا کاك ئازاد نوری.

ئەنوەر * کاك ئازاد ئەم کاتەت باش بەڕێزم ئەگەر بتوانیت کورتە باسێکی ژیانی وەرزشی خۆتمان بۆ

باس بکەیت تاوەکو دۆستان و وەرزشکاران بە ئاگا بهێنینەوە لە ژیانی وەرزشیت.

ئازاد. . . من ناوم ئازاد نوری غەریبە کە بە ئازاد نوری ناسراوم ساڵی 1955 لە شاری سلێمانی گەڕەکی

سەرشەقام لە دایك بووم، هەروەکو زۆربەی منداڵ منیش خولیای وەرزش بووم بە تایبەتی تۆپی پێ سەرەتای یاری کردنم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی 1967 بۆ 1968 لە تیپی سەیوان یاریم دەکرد کە یەکێك بوو لە تیپە بە ناو بانگەکانی ئەوسەردەمە. ڕاهێنەرو بەرپرسانی وەرزشی ئەو سەردەمە داوایان لێکردم پەیوەندیان پێوە بکەم کە ببم بە یاری زانی یانەکەیان کە یانەی سیروان بوو.

لە سلێمانی تەنها دوو یانە هەبوو (یانەی سیروان و سلێمانی) ساڵی 1973 هەڵیان بژاردم بۆ هەڵبژاردەی سلێمانی کەوا بچوکترین یاری زان بووم لەو ساڵەدا هەمان ساڵ 3 یاریمان کرد لە گەڵ یانەی سیروان و سلێمانی و یانەی پۆلیس کە من لە هەرسێ یاریەکەدا بەشدار بووم.

یانەی سلێمانی و سیروا نیان کرد بە یەك یانە بە ناوی یانەی سلێمانی زۆربەی زۆری یاری زانانی یانەی سیروان بوون بە ئەندامی یانەی سلێمانی منیش یەکێك بووم لەو یاری زانانە. یاری زانی قوتابخانە و هەڵبژاردەی پەروەردەش بووم تا ئەو کاتەی ئامادەیی کشتوکاڵیم تەواو کرد کە سێ ساڵ لە سەریەك یەکەمی قوتابخانەکانی سلێمانی بووین، پاشان بووم بە سەربازبۆ ماوەی سێ ساڵ دوور خرامەوە بۆشاری دیوانییە بەڵام خۆش بەختانە لە ماوەی سەربازیماندا ئێمە وەك یاری زانی سوپا یاریمان دەکرد هەستمان نەدەکرد کە سەربازین لەگەڵ گەڕانەوەماندا بۆ سلێمانی بەشداری یانەو تیپە میللییەکانمان دەکرد لە یاری کردن.

من ماوەیەکی زۆر یاری زان وڕاهێنەری تیپی سەیوان بووم کە زۆر یاری زانی باشی تێدا هەڵکەوت لە سەر ئاستی هەڵبژاردەی سلێمانی وەك بەڕێزان ڕۆستەم و حسێن (ئەبوو عەلی) لەتیف و حەسەن و حەسەن قەلب. . . هتد. بەهۆی خوالێخۆش بوو کاك فەهمی فەقێ ڕەشیدەوە بووم بە یاری زانی کارگەی جگەرەی سلێمانی کە پلەی دووەمی عێراق بووین لە زۆربەی خولەکانی بەشداریمان کردووەو ئەنجامی باشیشمان بەدەست هێناوە، تاساڵی 1981 من بە بەردەوامی یاریم دەکرد پاشان گیراینەوە بە سەرباز ساڵی 1982 ئەوەبوو ئەم جارەیان ڕوومان لە هەندەران کردوو لە وولاتی سوید نیشتەجی بووین.

کە پلەی سێی سوید بوون چەند ساڵێك HUVS TAL لە گەڵ چەند برادەرێکی خۆشەویستدا چوینە یانەی یاریمان بۆ کردن پاشان بیرمان کردەوە بۆچی تیپێکی کوردستانی

6-2-2006 18:51بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

دانەمەزرێنین ئەوە بوو تیپی هەڵبژاردەی كوردستانمان دروست كرد و بووم بە یاری زانی تیپەكە پاشان بووم بە ڕاهێنەری تیپ.

لە كۆتایدا زۆر سوپاسی بەڕێزتان دەكەم كەوا بەسەرتان كردووینەتەوە لە هەندەران ئەنوەر * سوپاس كاك ئازادی بەڕێز بۆ ئەم كورتە باسەی ژیانی خۆت هیوای تەمەن درێژی و لەش ساغیت بۆ دەخوازین.

ئەنوەر خەراجیانی
پەیامنێری كوردستان نێت
anwar@malmo2. net



یئازاد نور



تیپی هەڵبژاردەی كوردستان لە سوید